لە شاری هەڵەبجە و ناوچەی هەورامان هیچ حاڵەتی کوشتنی ژن تۆمارنەکراوە

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکان، لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا زیاتر لە هەزار ئافرەت لە هەرەمی کوردستان کوژراون یان خۆیان کوشتوە، کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ئەنجامی تووندوتیژیی و کوشتن لەژێر ناوی شەرەف، دەستدرێژیی سێکسی، کێشەکانی کۆمەڵایەتی، بازرگانیکردن بە ژنە و کچ، هەڵەشە و سووکایەتیکردن، هەڕەشە خیانەت.

بەپێی ئامارەکان ئەم تووندوتیژیانە ساڵ بەساڵ لە کشان دایە و زۆربەی ناوچەکانی هەرەمی کوردستان ئەم حاڵەتانەیان تیا تۆمار دەکرێت، لەمانە تەنها شاری هەڵەبجە و ناوچەی هەورامان وەک ناوچەیەک کە حاڵەتی "ژن کوشتن"ـی تیا ئەنجام نادرێت ئاماژەی بۆ کراوە، هەرچەندە ژمارەیەک لە چالاکوانانی ژنان دژە لە هەڵەبجە جەڕەکانی دیکەی تووندوتیژی هەیە، بەڵام دەشارێتەوە.

سۆزان فەرەج، چالاکوانی بواری ژنان پێشتر بە سایتی ئاوێنەی ڕاگەیاند: تووندوتیژیی تەنها "ژن کوشتن" نییە، بەڵکو چەندین هەڵسکەوت و ڕەفتاری نەشیاو دەچنە خانەی تووندوتیژییەوە و لە هەڵەبجە و هەورامان تووندوتیژیی هەیە و بەشێوەیەکی عەشایەری چارسەر دەکرێ.

هەروەها گوڵستان مەحەممەد، بەرپرسی نوسینگەی مافی مرۆڤ لە هەڵەبجە جەختی لەوە کردەوە کە تووندوتیژیی دیاردەیەکی جیهانییە و ناکرێ بوترێت لە هەڵەبجە و هەورامان بێتەواوی بنبڕکراوە.